هەڵبژێرانی... گیان لەدەستدانی سێ کەس بەهۆی تەقینەوەیەکەوە



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە، گیان لەدەستدانی سێ کەسی راگەیاند ،ئاماژەی بۆکرد ئەو سێ کەس بەهۆی تەقینەوەی تی ئێن تی لەکاتی هاوەماسیدا لە هەڵەبجە گیانیان لەدەستداوە.

ئاکام قوتبەدین، وتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای هەڵەبجە لە هاگەیەندراوەکدا باسی لەوەکردوە، "سەرلەبەیانی ئەمڕۆ لە گوندی کوێی متکانی ناوچەی سازان سەر بەناحییەی سیروان لەئەنجامی بەکارهێنان (T.N.T) بە هاوکردنی هاوەماسی بوهێی گیان لەدەستدانی سێ هاوڵاتی و بریندار بونی چواری دیکە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو کەسانەی گیانیان لەدەستداوە پێکهاتون لە سێوان حمەئەمین، بونیاد هیوا و محومود ڕەفعت، ئەو کەسانەشی بریندار بون پێکهاتون لە هاستگە سەلام، گەران غەریب، پشوا یاسین و کرمانج مستەفا.